# لە هەر ڕوویەکەوە  شکست

بۆ ئەمەریکا و ئەوروپا هیچ شتێک نەماوە....ئێستا ئەسەد، پۆتین و ئەردۆغان دەیکەن – بۆبەداخەوە بوون و نیگەرانی خەڵک، وێڕای ئاکامەکانیش بۆ ئەوروپا...



نووسینیKristin Helberg   و. لە ئاڵمانییەوە: هەڵۆ بەرزنجەیی٢٠١٩/١٠/ ٣٠

لەگەڵ ئەوەشدا کە کەس ئامەدە نییە ددانی پێدا بنێت، لێ هەندێ سیاسەتمەداری ئەڵمانی ئامادەن بارەکەیان ئاسان بێت،ئێ باشە، کەسانی تر لە خەمی کوردانی ڕۆژهەڵاتی باکووری سووریادا بن- لەم دۆخەدا واتە ڕژێمەکەی ئەسەد. کەواتە لە کاتێکدا لە برۆکسل سەرقاڵی گفتوگۆکردنن سەبارەت بەسزادانی تورکیا، کە هیچ کەس بە ڕاستی نایەوێت - سزای ئابووری، ڕاگرتنی هەناردەکردنی چەک و لەکارخستنی هەوڵی بوونە ئەندامێتی تورکیا لە یەکێتی ئەوروپا- یەکەکانی هێزی پاراستنی گەلی کوردەکان YPGدەمێکە لەگەڵ دیمەشق دا ڕێک کەوتوون.

سەبارەت بە لەشکرکێشی هێزەکانی سەر بە تورکیا و کشانەوەی هێزە سەربازییەکانی USA ئەوان نایانەوێ کات لەدەست بدەن... ئەوروپای ڕاڕا و دوو دڵ هیچ بژاردەیەکی نییە «گەر ئێمە ناچار بکرێین بڕیار بدەین لە نێوان سازان و ژینۆسایدی گەلەکەماندا، وا ئێمە ژیانی گەلەکەمان هەڵدەبژێرین». مەزلۆم عەبدی فەرماندەی گشتی هێزە دیموکراسییەکانی هەسەدە ئەمەی نووسی لە نامەیەکدا بۆForeigen Policy .

لەبەر ئەمە ئێستا چەکدارە کوردییەکان دەجەنگن، پێکەوە لەگەڵ هێزەکانی سووریا، دژی لەشکرکێشی تورکیا یاخود بە جۆرێکی تر بڵێم: هاوپەیمانە سەرەکییەکەی ڕۆژئاوا کە ساڵانێکە لە لایەن ئەمەریکاوە چەک و تەقەمەنییان پێ دەدرێ و ڕادەهێنرێن لە پێناوی بەرژەوەندی ئەوروپا، دەوڵەتی خەلیفەی داعش تێکدەشکێنن، ئێستا پێکەوە لەگەڵ دەسەڵاتدارەکەی سووریا بەشار ئەسەد ، سەرۆکی رووسیا فلادمیر پۆتین پێکەوە شت دەکەن. ئا بەم جۆرە ئەم شتە ڕوو دەدات، کاتێ لێکدانەوە و ترسی سیاسەتی ناوەکی، ببێتە مایەی بێتوانایی هەڵسوکەوتکردن لە سیاسەتی دەرەوەکی دا.

ئەگەر وڵاتانی وەک ئەڵمانیا هاندرا بن، بە ئامانجی ئەوەی چ پەنابەرێکی تر وەرنەگرێ بەڵکە بەپێی توانا بە خێرایی بیانگێڕێتەوە، ئەوکات حکوومەتی ئەڵمانیا پێی خۆشە هاوکاری خەرجی دابڕاندنی پەنابەرەکان لە Ägäis بکات، لە جیاتی ئەوەی بۆ پاراستنی سوورییەکان لە مەیداندا بکەوێتە کار- جا لە ڕۆژئاوا لەبەردەم بۆمباکانی سەرۆکی تورکی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، یاخود لە ئیدلب لەبەردەم هێرشی ئاسمانی رووسەکان.

## ناوچەی ئارام، **پرۆسەیەکی** دادگا،جارێکی ترسەرلەنوێ بیناکردنەوە

جارێکی تر شکستهێنانی تەواوەتی سیاسی و سەربازی ئەوروپا. ئەمەش لەو کاتەوەیە کە بەر لەساڵێ ئەمەریکا رایگەیاند دەکشێتەوە و هاوکات بەر لە ساڵێ ئەردۆغان مەرامی سیاسی خۆی دەربڕی، کە هێرش دەبات بۆ ئەوەی ستراتیژێک ساز بدات بۆ رۆژهەڵاتی باکووری سووریا- ناوچەیەکی گرنگ،لەبەرئەوەی لەوێ لەتەک ئەوەی ناوچەیەکی کشتوکاڵی بەپیتە، هەروەها ئەو کەمە نەوتەشی لێیە، کە سووریا هەیەتی.

لە پێناوی پاراستنی هاویەیمانە کوردەکاندا، ئەوروپاییەکان دەیانتوانی ناوچەیەکی خاڵی/ ئارام لەژێر چاودێری نێونەتەوەییدا بۆ تورکیا دامەزرێنن. داعشە ئەوروپاییەکان بهێننەوە بۆ وڵاتانی خۆیان و وەک پێویست بدرێنە دادگا. ئەو شارانەی لە ڕێگای هاوپەیمانێتی دژە داعشەوە، وێرانکراون بۆ نموونە ڕەققە، پێویست بوو ئەوروپا زۆر بە پەرۆشەوە سەرلەنوێ دروستی بکەنەوە. لەبری ئەوەی بەرپرسیارێتی خۆیان لە ڕۆژئاوا، لە ناوچە کوردییەکان لە باکووری سوریا لەئەستۆ بگرن و لەم ڕێگایەوە

کاریگەرێتی لەسەر ڕێکخستنەوەی سووریای دوای شەڕ بەدەست بهێنن. هەنوکە ئەوروپاییەکان ناوچەکە بەجۆرێکی تر بەجێدێڵن. ئەسەد، پوتین و ئەردۆغان ڕێککەوتنێک دەکەن ئیدارەی خۆجێیی ناتوانێ ڕەزامەند بێت لەسەری، بێ پشتیوانی ڕۆژئاوا.

ئەم هیچ لەباردا نەبوونەی ئەوروپاییەکان، دەبێتە تۆڵەکردنەوە. کاتێ ڕژێمی ئەسەد ڕۆژهەڵاتی باکووری سووریا کۆنترۆڵ بکاتەوە،ئەوکات هەر کوردەکان باجی ئەمە نادەن. هەروەها ڕەخنەگرانی ڕژێمەکەی سووریاش دەکەونە مەترسییەوە و هەڵدێن، گیراوەکانی داعش دەبنە چەکی بەهێز و دەکەونە دەستی دەزگای هەواڵگیریی سووریا. لە کۆتاییدا ئەوروپا دەبێت هەژماری خۆی، لەگەڵ زۆر پەنابەری تری جیهادیی ئازادکراودا بکات،

ئیدی ئەڵمانیا هەر لەلایەن ئەردۆغانەوەناکوێتە ژێر گووشارەوە، بەڵکو بەهەمان شێوە لەلایەن ئەسەدیشەوە. سیناریۆیەکی نیگەرانی و نائارامی ؟ لەواقیعیشدا، ئەم ئاکامگیرییانە پێشبینی دەکرێن:
- بۆ ئەوەی نەهێڵین جەنگێکی ڕاستەوخۆی نێوان ڕژێمی سووریا و تورکیا دروست بێ ، پوتین هەوڵ دەدات، ناوبژی و سازانێک بکات. ئەوەیشی دەکرێت بەم شێوەیە بێت:

تورکیا هێرشەکانی ڕادەگرێ لە ڕۆژهەڵاتی تل عبیاد و بۆی هەیە ناوچە سنوورییەکانی ڕۆژئاوای ئەم ناوە تا ئەفرین کۆنترۆڵ بکات- بە شاری ستراتیژی مەنبەجیشەوە. ئەرۆغان دەیەوێ پەنابەرە سوورییەکانی تورکیا لێرە نیشتەجێ بکات، بۆ ئەوەی بە قازانجی سیاسەتی ناوەوەی خۆی بێت و دیمۆگرافی ناوچەکەش بگۆڕێ. سوورییە ئیسلامییە چەکدارەکانی لایەنگری تورکیا ، ماڵ و منداڵیان و عەرەبە سوورییەکانی تریش لەبەرایی ئەم کارەوە دێن- هەروەک ئەوەی لە ئەفرین، کە لە ئاکامی هێرشی تورکی سەرەتای ٢٠١٨ ، دەیان هەزار کورد دەرپەڕێندران.

ناوچەی باکووری حەلەب لە نێوان ناوچەکانی جرابلس ، عزاز و ئەلباب ، کە تورکیا ساڵی ٢٠١٦ داگیری کرد، لە ئێستادا بۆ خۆی ناوچەیەکی پارێزراوە/Protektorat/

ئەسەد لەباقی ناوچەکانی رۆژهەڵاتی باکووردا باجی بۆئەوە دا، قسەی هەبێت- بەڕێوەبەری پۆلیس و دەزگای هەواڵگیری ڕێنمایی لە دیمەشقەوە وەردەگرن. ئەسەد فیدرالیزم نادات، فیدراسیۆنی دیموکراسی باکووری سووریا ، کۆتایی دێت. هەرچی ئەوەی پارتی یەکێتی دیموکراتی PYD سازیداوە، بەهێزە و توانییەتی لەڕووی سەربازییەوە پشتیوانی لە YPG بکات.

ئەمانیش خراپەکارییان کردووە، بەپێی ڕاپۆرتی ai ڕێکخراوی نێونەتەوەیی مافی مرۆڤ،کچ و کوڕیان هەر لەمێردمنداڵییەوە بەزۆر بردۆتە ڕیزکانیانەوە و هەزاران دانیشتوانی عەرەبی ناوچەی ڕەققە و حەسەکە لەلایەنYPG ەوە دەرپەڕێندراون، بەبیانووی ئەوەی گومانیان لێکراوە هاوسۆزییان لەگەڵ داعش دا هەبێت. لەگەڵ ئەوەشدا ژیان و گوزەران لە ڕۆژئاوا، باشتر بوو لەتەواوی ناوچەکانی تری وڵات. سیستەمی یەک حیزبی PYD بۆ بەشداری کۆمەڵگایەی سڤیل بواری زیاتری سازداوە، وەک لە ڕژێمی بەعس لە دیمەشق. پشتیوانی لە ئافرەت دەکرێ ، کەمە نەتەوەکان بەشدارییان پێدەکرێ.

گەورەترین هەڵەی PYD بڵندکردنەوەی وێنە و ئاڵای دامەزرێنەری PKK عەبدوڵا ئۆجەلان لە هەر دەر و شوێنێک - چونکە بەهۆی زەقکردنەوەی ئەم تێڕوانینە نزیکییە ئایدۆلۆژییە لە PKK ەوە،وای کرد بۆ ئەوروپا سەخت بێت لێیان نزیک بێتەوە و زۆر لە کوردانی سووریاش خۆیانی تێدا ببیننەوە و دیاری بکەن.

***///گەلێ چالاکوان تەنها هەڵاتنیان بۆ ماوەتەوە///***

دەسەڵات گرتنەوە دەست لەلایەن دیمەشقەوە زۆر بەخێرایی و بێ دەنگ و سەرکەوتووانە دەبێت، چونکە ڕژێمی سووریا لەم ڕۆژهەڵاتی باکوورە هەرگیز بەتەواوی بزر نەبووە. ئەسەد لە ٢٠١٢ وە ڕێگەی لەوێ دا بەPYD ،لەبەرئەوەی ئەو لە شوێنی دیکە پێویستی بە هێزەکانی بوو بەکاری بهێنێ و هیچیش پێویستنەبوو بترسێ لەPYD .

وەک دەستەخوشکێکیPKK ، بەتێکرا خەریکی بەرژەوەندی کورد بوو، نەک گۆڕینی ڕژێم لە دیمەشق. ڕژێم هەڵوێستێکی گرنگی وەر نەگرتووە - لەخودی قامشیلیدا ، کە گەورەترین شاری تەواو کوردییە لە سووریا ،هەتا ئێمڕۆ فرۆکەخانە و بەشێکی شارەکە لەژێر کۆنترۆڵی ئەسەددایە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کەوا ڕژێم لەم ناوچانەدا جارێکی تر بەخێرایی جێ پێی خۆی قایم دەکاتەوە.

کوردەکان بەهەندێ مافی کوولتوری و داننان بە - خوێندن بە زمانی کوردی و یادی بۆنە و جەژنی نەورۆز لە ٢١،٣ ڕازی دەکات ، دەنا وەکو تر پێویستە لەگەڵ ڕژێمی ناسیۆنالیستی هاوئاهەنگی بکەن. هەروەها لەژێر دەسەڵاتی ئەسەددا گۆرانی دیموگرافی هەرشەیەکە- لە کاتێکدا حیزبی بەعس کە هەتا ئیمڕۆ حوکم دەکات. لە ساڵانی شەستەکان بە هەڵمەتی « پشتێنەی عەرەبی» لەسەر سنووری ڕۆژهەڵاتی باکوور دەستی کرد بە ئەنجامدانی سیاسەتی بەعەرەبکردن. ناوی گوندە کوردییەکان گۆڕدرا و خێڵی عەرەب و لایەنگرانی ڕژێمی بە مەبەست تێدا نیشتەجێ کرا، بۆئەوەی پێکهاتە ئێتنییەکان بگۆڕن و جگەرسۆزی و دڵسۆزی ناوچە

سنوورییە نزیکەکان، بەرامبەر بە دەسەڵاتی ناوەندی دیمەشق زامن و مسۆگەر بکەن. بەپیاسای ستەمکاری و سیاسەتی کەسی گونجاو ڕژێم هەوڵ دەدات، کورد لەو باوەڕ بەخۆبوونە نوێیەدا جارێکی تر دەرپەڕێنێت و زەمینە ساز بکات زیاتر دەسەڵات بکەوێتە دەست خێڵە عەرەبە وابەستەکانیان لە ڕۆژهەڵاتی باکوور.

هەموو لەبەردەم هەڕەشەدان، لەتەک تەواوی دانیشتوانی ڕۆژئاوادا ، ئەوانەی حکوومەتی سووریان خستبووە ژێر پرسیارەوە و لەدژی وەستابوونەوە- ئیدی ئاساییە کورد بێت عەرەب یاخود ئاسووری. هەموو دەبێ چاوەڕوانی ئەوەبن دەبرێن بۆ سەربازی یاخود دەگیرێن و زۆر دەترسن لەوەی کەوا دەزگای هەواڵگیری سووری بێتەوە. بۆ زۆر چالاکوان لەئاکامدا جگە لە هەڵاتن هیچ نامێنێتەوە. سەرەتا بۆ کوردستانی عێراق دواتر بۆ ئەورووپا.

چاودێریکردنی ئەو ١٢هەزار ئەندامە گیراوەی داعش بە ٨ هەزار ژن و منداڵیانەوە، کە لەزیندان و بارەگاکانی کوردان، دەزگای هەواڵگیری سووری سەرقاڵیان دەبێت. ئەم بارودۆخە بە هیچ شێوەیەک دڵنیابەخشتر نابێت، دەزگای هەواڵگیری سووری لە ڕابووردوو ، ئەم شێوە پەرگیرییەی بە ئامانجی هێشتنەوەی دەسەڵاتی خۆی و دژی ناحەزەکانی بەکارهێناوە. بە نزیکەیی لە ٢٠٠٣ وە کاتێ ڕژێم ڕێگەی دەدا سەلەفیستەکان بچنە عێراق، بۆئەوەی لەوێ دژی داگیرکاری ئەمەریکا شەڕ بکەن. دواتریش لەگەڵ دەستپێکردنی شۆڕشی ٢٠١١ ، کاتێ سەرۆکایەتی لە دیمەشق سەدان ئەندامی القاعدەی لە زیندانەکانی سووریا لەسەر داوا ئازاد کرد، هەر ئەوکاتە ڕاپەڕینی جەماوەر وردە وردە چوو بەرەو لادان و ڕادیکالیزەبوون.

ئەگەر بێت و داعشە ئەوروپاییەکان بکەونە زیندانەکانی بەعسەوە، ڕژێم دەتوانێ گووشار بۆسەر ئەورووپا بهێنێ پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئاسایی بکەنەوە و پێکەوە کار بکەن. پێویستە دەزگاکانی ئاسایشی ئەڵمانی و فەرەنسی لەگەڵ سەرۆکی دەزگای هەواڵگیری سووری پێکەوە سەودا و مامەڵە بکەن، بەدوای ئەوانەدا بگەڕێن، کە بە فەرمانی نێونەتەوەیی بەهۆی تاوانکارییەوە بەرامبەر بە مرۆڤایەتی کردوویانە. ئەمەش گرێ کوێرەیەکە کە بەزەحمەت دەکرێتەوە. لەمەودایەکی مامناوەندیدا ڕژێمی بەعس دەتوانێ ئامانەتی بدات کەوا ئەوان سەرقاڵی ڕادیکالە ئەورووپاییەکان دەبن. لەژێر دروشی " ئێمە کاروباری جیهادیستەکانتان دەگرینە ئەستۆ و فەرموون ئێوەش دەتوانن ئێستا پشتیوانی دارایی سەرلەنوێ بیناکردنەوە بکەن" . ئەمە لە مامەڵە و هەژمارەکەدا هەیە. ئەگەرنا، دەزگای هەواڵگیری ئەسەد دەتوانێ هەڕەشە بکات، چەکدارەکانی داعش بە پاسپۆرتی ئەورووپاییەوە بەرەڵا دەکات.

گەورەترین زیان بە دڵنیاییەوە بە کۆمەڵگای سووری دەگات، کە تێیدا خانەگومانی و ڕک و کینە بەردەوام پەرەدەسێنێ. هەر یەکە بەوی تر دەڵێ ناپاک. - کوردەکان ناپاکییان لەشۆڕش کرد. هێزە سوورییە ئۆپۆزیسیۆنەکان وا دەڵێن ئەوان لەگەڵ ئەسەد دا ڕێکەوتن و دوای بەرژەوەندی خۆیان کەوتن، لەبری ئەوەی بەشداری بکەن لە شەڕی دژی بە ئەسەددا . بە پێچەوانەشەوە کوردەکان- ئەندامانیYPD بن یان نا - ئۆپۆزیسیۆنی سووری کتومت بەهەمان شێوەی ناسیۆنالیستی - عەرەبی دادەنێن، هەروەک ڕژێمی - بەعس و ئەوەی لە ئەنقەرەوە وەگیراوە.

ڕاپەڕیوەکانی جاران کەئێستا بوونەتە چەتە و بەکرێگیراوی ئەردۆغان، کوردی هاوڵاتی خۆیان کۆمەڵکوژ دەکەن. ئەمەش دەری دەخات کۆمەڵگەی سووری بە چ دۆخێکی خراپ گەیشتووە.
نەیارەکانی ئەسەد کە لە ئایدۆلۆژیای دەیەی ڕابووردوودا گیریان خواردووە، جگە لە ناسیۆنالیزم و ئیسلامیزم، زۆربەیان بیر لە هیچی تر ناکەنەوە. لەبەرئەوە جوێن بە کورد دەدەن وەک «جیاخواز »یاخود وەک "کافر".

هەندێ دەنگی کەمی زیرەک و هاوکاریی، کە ئازار و ژانی خەڵک لە ئیدلب لەگەڵ دانیشتوانی ڕۆژئاوا هەژمار ناکەن، بەزەحمەت دێتە مەیدان. لەگەڵ ئەوەدا کە سەر بە سووریان و کە هێشتا هەر بیردەکەنەوە، ڕاپەڕینی وڵاتەکەیان لە بنچینەدا لەسەر چی بووە:

لە پێناوی ژیانێک لە سووریا بە ئازادی و بە روومەت بۆ هەموو دانیشتوانی وڵات، چۆن و کەی کۆمەڵگەی سووری دەتوانێ بەسەر ئەم شێواوییە دا زاڵ بێت، لەپێشی هەرە پێشەوە بە هێزە دەرەکییەکانەوە وابەستەیە، کە سووریایان کردۆتە مەیدانی سەپاندنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان.

بۆ ئەمەریکا و ئەورووپا ئێستا یارییەکە کۆتایی هاتووە، تۆپەکە لە ئێستا بەدواوە لە نێوان مۆسکۆ، تاران، ئەنقەرە و دیمەشق دا دێت و دەچێ. بەم شێوەیە سوورییەکان ئاسایش یاخود ئاشتی زیاتر نابیننەوە.

---

سەرچاوە: ڕۆژنامەی دی تسایتی ڕۆژی١٦/١٠/٢٠١٩-https://www.zeit.de/politik/ausland/٢٠١٩-١٠/nordsyrien-baschar-al-assad-usa-tuerkei-kurden-islamischer-staat-krieg



نووسەر،

زانستکاری سیاسی و رۆژنامەوان و پسپۆڕ و شارەزایەکی دیارە و ساڵانێکی زۆر لە سووریا ژیاوە. کار بۆ کۆمەڵێ تیڤی و ڕادیۆی فەرمی ئەڵمانی و نەمساوی و سویسری دەکات و بۆ هەفتانامەی بەناوبانی دی تسایت دەنووسێ. خاوەنی چەند کتێبێکە لەسەر سووریا.